چاوان ون بکات و لەدەست دادگا و سکاڵاکاران ڕزگاریی بێت. لە ساڵانی خۆشاردنەوەیدا پەنای بۆ ڕێوشوێنی جیاواز بردووە. ماوەیەک هەڵاتووە بۆ سووریا و دواتر گەڕاوەتەوە بۆ زێدی خۆی. جگە لەوەش، نەشتەرگەری جوانکاری کردووە و خاڵەکانی سەر ڕوخساری لابردووە هەتا نەناسرێتەوە. ئینجا پڕوپاگەندەی مردنی بڵاو کردووەتەوە و لە ناوچەیەکی لا چەپ خۆی خەریکی ئاژەڵداری کردووە. لە هەوڵی ئەوەدا بوو ئەم ڕابردووە خوێناویەی خۆی لە سایەی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتدا بشارێتەوە. بەڵام خوێنی بێتاوانەکان لەگەڵ کاتدا لەناو ناچێت، بە تەوێڵی مێژووەوە دەلکێت و هەرکاتێك خاوەنێک بۆ ئەم مێژووە پەیدا دەبێت سەندنەوەی مافیش ڕێگەیەک بۆ خۆی دەدۆزێتەوە. تۆماری تاوانەکان و دڕندەیی عەجاج بەجۆرێکە، کە لە تێڕامانیدا مرۆڤ تووشی ساردبوونەوە و بێتاقەتییەکی زۆر دەبێت.

ئەنفال

ناوی سورەتی هەشتەمی قورئانە، لە سەدەی بیستەمیشدا ڕژێمی بەعس ئەو پرۆسە سەربازییانەشی بەناووە نا، کە لە ١٩٨٨ لە هەشت قۆناغی پەلاماری سەربازییدا لە دژی گوندنشینانی کوردستان ئەنجامدرا. ئەگەرچی ئەنفال تەنها بۆ پەلامار و قۆناغەکانی ئەنفال ڕاستە، بەڵام تاوانەکە بەوەندەوە نەوەستا بەڵکوو زۆربەی هەرەزۆری ئەو خەڵکانەی لەلایەن سوپاوە گیرابوون. بەکۆمەڵکوژران و بێسەروشوێنکران. لە سەرەتادا گوندنشینانی کوردستان دەستنیشان دەکرێن و لە هەشت قۆناغی پەلاماری سەربازیدا سوپای نانیشتمانی دەوڵەتی عێراق وەک ئامرازێکی پارێزەری ڕژێمی بەعس و سەدام حسێن دژی کورد دەجوڵێ. گوندەکان

